# ناوبژیوانییەکانی عێراق و سەردانەکەی زەریف

27-04-2021

**نووسەرەکان**

زریان رۆژهەڵاتی

**کورتە :** وەزیری دەرەوەی ئێران لە کاتێکدا سەردانی عێراقی کردەوە کە لەناوخۆی وڵاتەکەی گۆڵمەزێکی سیاسیی لەسەر دروستبووە. بڵاوبوونەوەی تۆمارێکی دەنگیی زەریف کەلەسەر گەلێك مژاری هەستناك قسە دەکات، هەرایەکی ناوەتەوەو. لەنێوانەشدا سەردانی قەتەر وعێراقی کردووە. وردەکارییەکانی ئەو تۆمارە دەنگییە لە جێی خۆی، بەڵام ئەوەی بە سەردانەکەی زەریف بۆ بەغدا دەیبەستێتەوە، ئەوەیە کە ئایا بۆ تێگەیشتن لە هۆکارەکانی سەردانەکەی زەریف بۆ عێراق دەبێ سەیری دەمی ئەو بکەین یان لە شوێنی دیکەش بڕوانین؟

وەزیری دەرەوەی ئێران لە کاتێکدا سەردانی عێراقی کردەوە کە لەناوخۆی وڵاتەکەی گۆڵمەزێکی سیاسیی لەسەر دروستبووە. بڵاوبوونەوەی تۆمارێکی دەنگیی زەریف کەلەسەر گەلێك مژاری هەستناك قسە دەکات، هەرایەکی ناوەتەوەو. لەنێوانەشدا سەردانی قەتەر وعێراقی کردووە. وردەکارییەکانی ئەو تۆمارە دەنگییە لە جێی خۆی، بەڵام ئەوەی بە سەردانەکەی زەریف بۆ بەغدا دەیبەستێتەوە، ئەوەیە کە ئایا بۆ تێگەیشتن لە هۆکارەکانی سەردانەکەی زەریف بۆ عێراق دەبێ سەیری دەمی ئەو بکەین یان لە شوێنی دیکەش بڕوانین؟

ئەو تۆمارە دەنگییە گفتوگۆیەکی زەریفە لەگەڵ سەعید لیلاز لە ناوەندی توێژینەوەکانی سەرۆکایەتی کۆماری ئێران و تێیدا بە ڕاشکاوی باس لە ئەولەویەتی کارەکانی سوپا بەسەر دیپلۆماسیی لە وڵاتەکەی دەکات. ئەو دەڵێت کە زۆربەی کادێرەکانی وەزارەتی دەرەوەی ئێرانیش لە دەزگا ئەمنییەکانەوە هاتوون. ئالێرەوە، ئەگەر بمانەوێ روونتر لە هۆکاری سەردانەکەی تێبگەین، دەبێ لە زەریف و غەیری زەریفیش بڕوانین. چوونکە ئەو لە زاری خۆیەوە دانی بەوە ناوە کە زیاتر لە وەزارەتی دەرەوە، قسەی شوێنی دیکە دەیخوات. لەدوای 2003وە، ئێران سێ باڵیۆزی لە عێراق هەبووە کە هەرسێکیان یان بەئاشکرا سەربە سوپا بوون یان لانیکەم قسەی وایان لەسەر بووە. ساڵی 2007 ژەنراڵ دەیڤید پترایۆس گوتبووی حەسەن کازمی قومی باڵیۆزی ئێران لە بەغدا ئەندامی سوپای قودسە.[1] لە دوای قومی، حەسەن دانائی فەر بە ڕەچەڵەك عەرەب هات کە بۆ خۆی لە فەرماندەکانی سوپا بووە.[2]دوای ئەویش، ئیرەج مەسجدی بووە باڵیۆزی ئێران کە بە پێی ناوەندەکانی ڕاگەیاندنی ئێران، ڕاوێژکاری فەرماندەی پێشووی سوپای قودس بووە.[3] ئەمیش هەر خەڵکی ناوچەیەکی زۆرینە عەرەبی باشووری ئێرانە. کەین و بەینی وەزارەتی دەرەوە وسوپای پاسداران سەبارەت بە سیاسەتی دەرەوە هەر چۆنێك بێت، وەك ئەوەی تۆمارە دەنگییەکەی زەریف مشتومڕی لەسەر درووستکردووە، دەبی سووچی چاوێکمان لە قسەی سوپا و باڵیۆزی ئێران لە بەغدا بێت سەبارەت بە سیاسەتیان لە عێراق.

سەردانەکەی زەریف بۆ عێراق ڕەهەندێکی پەیوەندیی دوو قۆڵی عێراق و ئێرانی هەیە. تاران سوورە لەسەر بەستنەوەی دووهێڵی شەمەندۆفێر یەکیان خوڕەمشار- شەلەمچە- بەسرەیە و ئەوی دیکەشیان هێڵی ئاسنینی کرماشانە کە ئێران دەیەوێ  لە مەرزی خەسرەوی وە بە عێراقی ببەستێتەوە.[4] ئیران پرۆژەیەکی دیکەی هەیە بەناوی ڕێگای ئازادی ئێران بۆ نەجەف. ئەمە لە دەروازەی چیلاتی پارێزگای ئیلامەوە هەتا نەجەفە کە بە گشتی 250 کیلۆمەترە.[5] بەمجۆرەش ئێران دەیەوێ بە تۆڕێکی هێڵی ئاسن و جاددەی وشکانییەوە زیاتر خۆی بە عێراق ببەستێتەوە کە بێگومان هەم ڕەهەندی ئابووری هەیە هەم سیاسی. بابەتی هەڵبژاردنەکانیش بۆ ئێران پرسێکی چارەنووسسازە و دەیەوێ دڵنیا بێتەوە لەوەی کە نەخشەی سیاسی داهاتووی عێراق لە دژی ئەو نابێت. هەرێمی کوردستان بۆ ئێران لەڕووی پرسی مانەوەی هێزەکانی ئەمریکا و دیالۆگی ستراتیژی عێراق و ئەمریکا، بابەتی سنوور و بازرگانی بایەخی زۆری هەیە، بەڵام لەوەش زیاتر وەك فاکتەرێکی درووستکردنی هاوسەنگی بۆ پەیوەندییەکانی خۆی لەگەڵ بەغدا سەیری پەیوەندییەکانی لەگەڵ هەرێمی کوردستان دەکات.

هەرچەند هاتنەکەی زەریف ڕەهەندێکی ئابووری و پەیوەندیی دووقۆڵی هەیە بەڵام ئەوەی زیاتر مۆری لێداوە، پەیوەندیی بەو ناوبژیوانییانەوە هەیە کە بەمدواییانە عێراق لە بەینی ئێران و وڵاتاندا دەیانکات.

**ناوبژیوانییەکانی عێراق**

حاڵی حازر عێراق بە سێ دانووستاندن و ناوبژیوانی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆوە سەرقاڵە کە ئێران لایەکەیەتی. دانووستاندنی سعودی- ئێرانی، دیالۆگی ستراتیژی عێراقی- ئەمریکی و دیالۆگی ئەتۆمی و بابەتی گەمارۆکان، لەگەڵ دیالۆگی چوار هێزی ناوچەیی؛ تورکیا، میسر، ئێران و سعودی!

پێدەچێت قاسم ئەعرەجی ڕاوێژکاری ئاسایشی نەتەوەیی لەو دیالۆگانەدا ڕۆڵی سەرەکیی وەرگرتبێت چوونکە: هەردوای کۆبوونەوەی 9ی مانگی نێوان ئێران و سعودی لە بەغدا و گەڕی ئەمدواییەی دیالۆگی ستراتیژی واشنتن- بەغدا بوو کە لە 12ی مانگ چووە تاران و ڕۆژی20ی ئەم مانگەش لەگەڵ عەبدولعەزیز شمەری باڵیۆزی سعودی لە بەغدا کۆبوونەوەی کرد. ئەمڕۆش لەگەڵ وەلید محەمەد باڵیۆزی میسر، باسی لە پێشنیاری لێکتێگەیشتنی میسر، ئێران، تورکیا و سعودیی کردووە.

**کرانەوەی عێراق بەڕووی وڵاتانی عەرەبی و دیالۆگی سعودی- ئێرانی**

ئێران بە دەم باسی لەوەکردووە کە پێی خۆشە عێراق بەڕووی وڵاتانی عەرەبیدا بکرێتەوەو، بێجگە لە پەیوەندیی عێراق و کەنداو، گەمترین مژاریش، ئەگەری سەرگرتنی پرۆژەکەی کازمییە بەناوی ڕۆژهەڵاتی نوێ لە بەینی میسر و ئوردن و عێراق. جێگای سەرنجە کە ئا لەم وەختانەدا قاسم ئەعرەجی پێشنیاری لێکتێگەیشتنی ناوچەیی کردووە و لەوبارەیەوە لەگەڵ باڵیۆزی میسریش دوواوە. ئەمە ئەو پرسیارە دەورووژێنێت کە ئایا بەغدا دەیەوێ دڵنیایی بداتە ئێران کە ئەگەری ڕێککەوتنی لەگەڵ ئەو وڵاتانە دژی بەرژەوەندییەکانی ئەو نابێت؟ ئەمە لەوانەیە ئەو شتە بێت کە سەرۆککوماری عێراق ناڕاستەوخۆ گوتوویەتی: سیاسەتی دەرگای کراوەی عێراق بۆ کەمکردنەوەی گرژییەکانە.

زەریف لەسەردانەکەیدا بۆ بەغدا سوپاسی عێراقی کردووە بۆ هەوڵدان بۆ ئارامی لەم ناوچەیە و ئیرەج مەسجدی باڵیۆزی ئێرانیش چەند ڕۆژ بەر لە ئیستا گوتبووی ئێمە خۆشحاڵ دەبین ئەگەر عێراق ناوبژیوانیمان بکات لەگەڵ ئەو وڵاتانەی کە بەینمان سارد و سڕە.[6] ئەمەش ئاماژە بوو بە دیالۆگی سعودی ـ ئێرانی کە بەپێی هەندێك لە سەرچاوەکان بڕیارە، گەڕی دووەمی، لە کۆتایی ئەم مانگە یان سەرەتای مانگی داهاتوو بێت.

مەسجدی گوتوویەتی عێراق بۆیە ئەم ناوبژیوانییە دەکات تا لە گرژییەکان کەمبکاتەوە و باسکردنی وردەکاریی لەبارەی دانووستاندنەکانیان لەگەڵ سعودی هێشووەتەوە بۆ ئەو کاتەی کە بە گوتەی خۆی" هەندێك پێشڤەچوون دروست دەبێت." ئەمەش لانیکەم واتای ئەوە دەدات کە ئەو چاوەڕوانە کۆبوونەوەی دیکە بکرێت. بەو پێیەی کە ئێرانیش لەم قۆناخەدا قبووڵیەتی عێراق شوێنی دانووستاندنی لەگەڵ سعودی بێت، کە سعودییەکان تا ئێستا بە کەمیی قسەیان لەسەر کردووە، دوورنییە کە ڕەهەندێکی سەردانەکەی زەریف، دیدارەکەی ئەعرەجی و عەبدولعەزیز شمەری لە دەوری گەڕی دووەمی دیالۆگی ئێرانی- سعودی دا خولابێتەوە کە زیاتر لە 5ساڵە پەیوەندیی دیپلۆماتیکان نەماوە: یان دانووستاندنێکی دیکە کراوە کە دواترهەواڵەکەی دەبیستین، یان ئامادەکاریی بۆ دەکرێت.

**دیالۆگی ستراتیژی بەغدا- واشتنتن و دیالۆگی ئەتۆمی**

سیانەی واشنتن، بەغدا و تاران لە بابەتی دیالۆگی ستراتیژی ئەمریکا و عێراق و پرسی بەرنامە ئەتۆمییەکەی ئێراندا بە یەك دەگەن. هەردوای گەڕی ئەمدواییەی دیالۆگی بەغدا و واشنتن بوو کە قاسم ئەعرەجی ڕاوێژکاری ئاسایشی نەتەوەیی عێراق چووە تاران تا بە گوتەی باڵیۆزی ئێران، لەسەر دانووستاندنەکانیان لەگەڵ ئەمریکا گفتوگۆ لەگەڵ ئێران بکات. قاسم ئەعرەجی ڕایگەیاندووە کە ئەمریکا پابەندە بە دیاریکردنی خشتەیەکی کاتیی بۆ کشانەوە لە عێراق کە ئیران زۆر پەلەی بۆ دەکات. ئەوەی لێرەدا زیاتر لە بابەتی مان و نەمانی هێزەکانی ئەمریکا لە عێراق بۆ ئێران و عیراق گرنگە بابەتی "قەرزەکانی ئێران" و بابەتی سەروسەودای وزەی هەردوولایە، بەتایبەتی مەسەلەی گازی سرووشتی کە لە مانگەکانی گەرمەکانی هاویندا بایەخێکی زۆری بۆ عێراق دەبێت چوونکە دەتوانێت تەنانەت کاریگەری لەسەر ئاسایشی وڵاتیش دابنێت.

قەرزەکانی ئێران لای عێراق بابەتیکی جێی مشتومڕە. پەیوەندیشی بە گەمارۆکانی ئەمریکاوە هەیە چوونکە ئەگەرعێراق بەبێ چرای سەوزی ئەمریکا دۆلار بدات بە ئێران، تووشی گرفت دەبێت. ماوەیەك پێش ئێستا حەمید حسێنی ئەندامی ژووری هاوبەشی بازرگانی ئێران و عێراق گوتبووی، 3ملیار دۆلار لە پارە بلۆککراوەکانمان لە عێراق و کۆریای باشوور وعومان ئازاد کراون. دوای ئازادکردنی کەشتییە بارمتەگیراوەکەی کۆریای باشوور، هەندیك سەرچاوەی وەزارەتی دەرەوەی ئەو وڵاتەش گوتبوویان کە دانووستاندن سەبارەت بە پارە بلۆککراوەکانی ئێران دەکرێت.[7] دیارە ئەوەش بێ ڕەزامەندی ئەمریکا ئەستەمە. ئەمە بۆعێراقیش وایە. ئیرەج مەسجدی باڵیۆزی ئێران لە بەغدا بە ئاژانسی ڕەسمی وڵاتەکەی گوتووە کە دوای سەردانی وەزیری کاری ئێران بۆ بەغدا، "وەزارەتی دارایی عێراق خشتەیەکی کاتیی بۆ پێدانەوەی قەرزەکان داناوە." ئەگەر وابێت بێشك بەغدا بێ ڕەزامەندی واشنتن کاری وا ناکات.

بابەتێکی دیکە پەیوەندی بە کڕینی گازی سرووشتی وە هەیە لە ئێران. بەرەو وەزری گەرمای زیاتر دەچین و لەوانەیە تای هەڵبژاردن و تینی هەتاو، حکومەتی بەغدا بترسێنێ لەوەی کە خەڵك بێنەوە سەرشەقام. واشنتن لە کۆتایی مانگی 3دا ڕایگەیاند کە بۆ ماوەی 120 ڕۆژی دیکە لە عێراق خۆشدەبێت، هەتا بتوانێ وزە لە ئێران بکڕێ. بەڵام ئێران وعێراق گرێبەستێکی دووساڵەیان لەبارەی کاربارەوە کردووە[8]و وا چاوەڕواندەکرێت ماجد حەنتووش وەزیری کارەبای عێراقیش دوای زەریف سەردانی ئێران بکات و لەوێ گرێبەستی نوێ ئیمزا بکات.[9]دیارە ئەمەش بێ چاوپۆشی ئەمریکا ئاسان نییە.

هەرچەندە وەزیری دەرەوەی ئەمریکا گوتوویەتی هەتا ئێران نەگەڕێتەوە بۆ پابەندییە ئەتۆمییەکانی خۆی، دەسی لەگەمارۆکان شل ناکات و هەروا دەیچەڕێنێ، بەڵام بابەتی مان و نەمانی ئەمریکا لە عێراق، دەستپێکردنەوەی جوڵەی وزە و بازرگانی و ئەگەری پێدانەوە"

قەرزەکان" بە ئێران بە گەرمی، ئەویش لە کاتێکدا هاوتەریبی دانووستاندنەکانی ڤییەنان، بێ مەڵامەت نین. رەنگە عێراق دەرچەیەکی کەلکردنی گەمارۆکان بێت، بێئەوەی واشنتن جارێ بە رەسمی هەموو سزاکان لابەرێت و بۆ ئەوەش چاوپۆشی بکات.

https://www.reuters.com/article/us-iraq-idUSL0759750920071007- [1]

- [2]
https://www.jamaran.news/%D9%85%D8%A4%D9%84%D9%81-64-%D8%AD%D8%B3%D9%86-%D8%AF%D8%A7%D9%86%D8%A7%DB%8C%DB%8C-%D9%81%D8%B1

- [3]
https://www.isna.ir/news/95102616778/%D8%B3%D8%B1%D8%AF%D8%A7%D8%B1-%D8%A7%DB%8C%D8%B1%D8%AC-%D9%85%D8%B3%D8%AC%D8%AF%DB%8C-%D8%A8%D9%87-%D8%B9%D9%86%D9%88%D8%A7%D9%86-%D8%B3%D9%81%DB%8C%D8%B1-%D8%A7%DB%8C%D8%B1%D8%A7%D9%86-%D8%AF%D8%B1-%D8%B9%D8%B1%D8%A7%D9%82-%D8%A7%D9%86%D8%AA%D8%AE%D8%A7%D8%A8-%D8%B4%D8%AF

– [4]
https://www.mojnews.com/%D8%A8%D8%AE%D8%B4-%D8%A7%D8%B3%D8%AA%D8%A7%D9%86-%D9%87%D8%A7-62/220080-%D8%A7%D8%AA%D8%B5%D8%A7%D9%84-%D8%B1%D8%A7%D9%87-%D8%A2%D9%87%D9%86-%DA%A9%D8%B1%D9%85%D8%A7%D9%86%D8%B4%D8%A7%D9%87-%D8%A8%D9%87-%D8%AE%D8%B7%D9%88%D8%B7-%D8%B1%DB%8C%D9%84%DB%8C-%D8%B9%D8%B1%D8%A7%D9%82-%D8%AC%D9%87%D8%B4-%D8%A8%D8%B2%D8%B1%DA%AF-%D8%A7%D9%82%D8%AA%D8%B5%D8%A7%D8%AF%DB%8C-%D8%B1%D8%A7-%D8%A8%D9%87-%D9%87%D9%85%D8%B1%D8%A7%D9%87-%D8%AF%D8%A7%D8%B1%D8%AF#gsc.tab=0

- [5]
https://www.mehrnews.com/news/4806242/%D8%A7%D8%AA%D8%B5%D8%A7%D9%84-%D8%A7%DB%8C%D8%B1%D8%A7%D9%86-%D8%A8%D9%87-%D8%AC%D9%86%D9%88%D8%A8-%D8%B4%D8%B1%D9%82-%D8%A7%D8%B1%D9%88%D9%BE%D8%A7-%D8%AF%D9%88%D8%B1%D9%86%D9%85%D8%A7%DB%8C-%D8%A7%D8%AD%D8%AF%D8%A7%D8%AB-%D8%A2%D8%B2%D8%A7%D8%AF%D8%B1%D8%A7%D9%87-%D9%86%D8%AC%D9%81-%D8%A7%D8%B3%D8%AA

- [6]
https://www.irna.ir/news/84300863/%D8%B3%D9%81%DB%8C%D8%B1-%D8%A7%DB%8C%D8%B1%D8%A7%D9%86-%D8%AA%D9%87%D8%B1%D8%A7%D9%86-%D8%A8%D8%A7-%D9%88%D8%B3%D8%A7%D8%B7%D8%AA-%D8%B9%D8%B1%D8%A7%D9%82-%D8%A8%D8%B1%D8%A7%DB%8C-%D8%AA%D9%86%D8%B4-%D8%B2%D8%AF%D8%A7%DB%8C%DB%8C-%D8%AF%D8%B1-%D9%85%D9%86%D8%B7%D9%82%D9%87-%D9%85%D9%88%D8%A7%D9%81%D9%82

[7]
https://www.dw.com/fa-ir/%D8%A7%DB%8C%D8%B1%D8%A7%D9%86-%D9%86%D9%81%D8%AA%DA%A9%D8%B4-%D8%AA%D9%88%D9%82%DB%8C%D9%81-%D8%B4%D8%AF%D9%87-%DA%A9%D8%B1%D9%87-%D8%AC%D9%86%D9%88%D8%A8%DB%8C-%D8%B1%D8%A7-%D8%A2%D8%B2%D8%A7%D8%AF-

_ %DA%A9%D8%B1%D8%AF/a-57140021

_ [8]
https://www.aa.com.tr/ar/%D8%A7%D9%82%D8%AA%D8%B5%D8%A7%D8%AF/%D8%A5%D9%8A%D8%B1%D8%A7%D9%86-%D8%AA%D9%88%D9%82%D8%B9-%D8%B9%D9%82%D8%AF-%D8%AA%D8%B2%D9%88%D9%8A%D8%AF-%D8%A7%D9%84%D8%B9%D8%B1%D8%A7%D9%82-%D8%A8%D8%A7%D9%84%D9%83%D9%87%D8%B1%D8%A8%D8%A7%D8%A1-%D9%84%D9%85%D8%AF%D8%A9-%D8%B9%D8%A7%D9%85%D9%8A%D9%86/1864928

https://www.mawazin.net/Details.aspx?jimare=150758 _[9]